# شوناس و مێژووی گەلی کورد و ڕەنگدانەوەی لەگۆڤاری ئاڵای ئیسلام (1986_1998)
## توێژینەوەیەکی مێژوویيە

د.ژیلوان عبدالله احمد

Zhelwan.ahmed@spu.edu.iq

پلەی زانستی: مامۆستا

زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ پەیمانگای تەکنیکی دووکان / بەشی ژمێریاری

ڕەزامەندی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠

**پوختە**

گۆڤاری ئاڵای ئیسلام لە نێوان ساڵانی (1986_1998)، وەك گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی و سیاسیی، لە لایەن (ڕێکخراوی قوتابیانی موسوڵمانی کورد لە دەرەوە) لە وڵاتی کەنەدا دەرکراوە، هەرچەندە ئەم ڕێکخراوە پاشخانێکی هزری ئیسلامیی هەبوو، کە لە گۆڤارەکەشدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام چەندین بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی سیاسی تێدا نووسراوە، بەتایبەتی لەبارەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد، کە شایانی ئەوەیە توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت، هەروەها هەر لەناو بابەتە مێژووییەکانی گۆڤارەکەدا، چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر قۆناغەکانی مێژووی کورد و پاراستنی شوناسی کورد، پرسیاری توێژینەوەکەمان ئەوەیە، تێڕوانینی ئەم گۆڤارە، کە لەلایەن ڕێکخراوێکی کوردی بە ئایدۆلۆژیا ئیسلامیی دەرکراوە بەرامبەر بە شوناس و مێژووی کورد چییە؟ و چۆن کاریان لەسەر پاراستن و گرنگیدان بە شوناسی کورد کردووە؟ ئێمە مەبەستمانە لەم توێژینەوەیەدا وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، هەربۆیە سەرجەم بابەتە مێژووییەکانی گۆڤارەکەمان خوێندەوە، تاوەکوو بتوانین وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە.

توێژینەوەکە پێکهاتووە لە پێشەکییەك و چوار تەوەر و ئەنجام.

تەوەری یەکەم، کورتە مێژوویيەکی گۆڤارەکە و شوێنی دەرچوونی و ئەو کەسانەی سەرپەرشتیان کردووە، تەوەری دووەم، شوناس و مێژووی گەلی کورد لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلام دا، کەتێیدا ئاماژەمان بە تێڕوانینی گۆڤارەکە بۆ شوناسی نەتەوەیی کوردی لای گۆڤارەکە کردووە، تەوەری سێیەم، باس لە بایەخی نووسینەوەی مێژوویی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلام دا کردووە، تەوەری چوارەم، ئاماژە بە بارودۆخی کوردستان و ڕەنگدانەوەی لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلامدا کردووە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئاماژەمان بە سەرچاوەکان و ئەو ئەنجامانەش کردووە، کە لەتوێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین.

**کلیلی وشەکان**: (شوناس، نەتەوەیی، مێژوو، ئاڵای ئیسلام، کورد).

**پێشەکی:**

لە کۆتایی حەفتاکان تاوەکوو کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو چەندین حزب وڕێکخراوی ئیسلامیی لە ناوخۆ ودەرەوەی کوردستان دروست بوون، ئەمیش بەهۆی ئەو ڕووداوە سیاسییانەی لەو قۆناغەدا لەسەر ئاستی جیهان و وڵاتانی هەرێمی ڕوویاندا، لەوانە شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووداوەکانی وڵاتی ئەفغانستان، کە دەسەڵاتێکی ئایدۆلۆژیی ئیسلامیی حوکمیان گرتەدەست، لە ئاستی دەرەوەش چەندین ڕێکخراوی ئیسلامیی جۆراوجۆر دروست ببوون، هەر بۆیە ئەمانە وچەند هۆکارێکی تر بوونە هۆی پێکهێنانی ڕێکخراوێکی ئیسلامیی لەلایەن چەند کەسێکی کورد لە دەرەوەی کوردستان، کە هەڵگری فکری ئیسلامیی بوون، بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانیان و خۆناساندنیان دەستیان کردبە دەرکردنی گۆڤارێك بەناوی(ئاڵای ئیسلام)، لەم گۆڤارەشدا چەندین بابەتی مێژوویی و سیاسیی تایبەت بە کوردیان تێدا بڵاوکردووتەوە، ئێمەش لەم توێژینەوەیدا هەوڵمانداوە تێروانین و ڕەنگدانەوەی شوناس ومێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد دەربخەین.

**گرنگی توێژینەوەکە:** گرنگی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە بە بیرێکی ئیسلامی هەوڵدەدات ڕاڤە بۆ شوناس و مێژووی کورد بکات، لەئێستادا تەتەڵەکردنی ئەو ڕاڤەیە بۆ مێژووی کورد پێویستە و خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە تاکوو ئێستا بەپێی پێویست توێژینەوەی زانستی لەسەر ئەم گۆڤارە و ناوەرۆك و بابەتە مێژووییەکانی و هزر و تێروانینی دەستەی نووسەرانی ئەنجام نەدراوە، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ڕۆشنایی بخرێتە سەر لایەنی مێژوویی ئەم گۆڤارە. لەو سۆنگەیەوە لەبەر نەبوونی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی سەربەخۆ لەسەر گۆڤارەکە و ناوەرۆکەکەی، ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە پێویست زانرا.

**کێشەی توێژینەوە:** کێشەی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ئەو بارودۆخەی گۆڤارەکەی تێدا دەرچووە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆزبووە لەڕووی سیاسییەوە، هەندێك ژمارەی پێش ڕاپەڕین دەرچووە، بەرگریکردن بووە لە دۆزی کورد و شوناسە نەتەوایەتیەکەی، ڕێکخراوەکەش فکری ئیسلامیی بووە، بەڵام دوای ڕاپەڕین کەوتە ژێر ئەو بارودۆخەی کەلەدوای ڕاپەڕین هاتە ئاراوە و بەتەواوی گۆڤارەکەش بابەتەکانی ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخەیە، بەهەرسێ زمانی عەرەبی و کوردی و ئینگلیزی بابەتەکان نووسراون، جیاکردنەوە و هەڵهێنجانی شوناس و مێژووی گەلی کورد کارێکی وردی زانستی دەوێت.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:** ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ، بریتییە لە خستنەرووی دیدی گۆڤارەکە بۆ شوناس و مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد، بەمەش تیشك خراوەتە سەر سەرپەرشتیارانی، شوێنی دەرچوونی، زمان، ژمارە، نرخ و ئامانجی گۆڤارەکە، پاشان شیکردنەوەی نووسین و بابەتەکانی.

**میتۆدی توێژینەوە :** بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە پشت بە میتۆدی مێژوویی و وەسفییە و، لە هەندێك شوێندا پشتمان بە ڕاگواستنی زانیاری بەستووە.

**سەرچاوەکانی توێژینەوەکە:** سەرچاوەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە پێکدێت لە سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری ئاڵای ئیسلام، کە تێکرایان (42) ژمارەن، لێرەدا تەنها ئەو نووسین و بابەتانەمان وەرگرتووە، کە گوزارشتن لە شوناس و مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی کورد، پاشان چەند سەرچاوەیەکی تری پەیوەست بە توێژینەوەکە لە لیستی سەرچاوەکاندا ئاماژەی پێ کراوە.

sjh@univsul.edu.iq

یەکەم: مێژووی گۆڤاری ئاڵای ئیسلام

ئاڵای ئیسلام، گۆڤارێکی فیکریی ئیسلامیی بوو، لەدوای دامەزراندنی (رابطة الطلبة المسلمین الاکراد في الخارج/ رێکخراوی پەیوەندی قوتابیانی موسوڵمانی کورد لە دەرەوە)[1] لەساڵی 1986 لەشاری (تۆرنتۆی) کەنەدا دەرکراوە، (میدیا: 2004/8/15: 168: 6)، دواتر ئەم رێکخراوە ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ( پەیوەندی قوتابیانی موسوڵمان لە کوردستان)، لەدوای راپەڕینی ئازاری 1991 و لە (1992/6/24) لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێر، لەگەڵ رێکخراوێکی تر بەناوی (یەکێتی ئیسلامی قوتابیان و لاوانی کوردستان)2 کۆنگرەیەکیان بەست و ناوەکەی گۆڕدرا بۆ ( پەیوەندیی ئیسلامیی خوێندکاران و لاوانی کوردستان) (خاڵە کاوە: رابوون: 34: 6؛ ئاڵای ئیسلام: 1992: 3)، گۆڤارەکەش لە دەرچوون بەردەوام بوو، تاکو حوزەیرانی 1998. (3: السنة الحادیة عشر، تشرین الاول، 1997: 35).

ناوەرۆکی بابەتەکانی گۆڤارێکی ئیسلامیی گشتی بوو، لە سەرەتاشدا بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی بوو، (حاتەم، هەژار، رۆژنامەنووسیی ئیسلامیی: 2005: 53) دواتر لەچەند ژمارەیەکدا زمانی تورکی و کوردیشی بۆ زیادکرا، لە کۆتاییدا لەسەر زمانی عەرەبی جێگیربوو، لەدوای راپەڕینی ئازاری (1991)ی باشووری کوردستان، (دوو) ژمارەی لە شاری هەولێر بەزمانی کوردی دەرچووە. (بڕوانە: ئاڵای ئیسلام: 1: 1992: 1 ).

دەستەی نووسرانی ئاڵای ئیسلام، ناوەکانیان لەسەر گۆڤارەکە نەنووسراوە، بەڵام (عوسمان عەلی) بەنازناوی (ئازاد گەرمیانی)، تاکو تشرینی دووەمی (1988) سەرنووسەری بوو، (عوسمان عەلی: هەولێر: 2025) دواتر لە ئازاری (1989)، تاکو مایسی (1992) (سەڵاح عەزیز) سەرنووسەری بوو، شوێنی دەرچوونەکەشی لە کەنەداوە گوازرایەوە بۆ (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)، کە لەچاو ژمارەکانی پێشووتر، لەڕووی تیراژو کوالێتییەوە پێشکەوتووتر بوو. (چاوپێکەوتن لەگەڵ سەڵاح عەزیز: 2025/2/28، سلێمانی [1])، لەژمارە (3)ی خوولی سێیەمی ئەیلوولی (1992)ەوە تاوەکوو نیسانی (1995)، لە وڵاتی کەنەداوە (هیوا بەرزنجی)[3] سەرنووسەری بووە، لە تشرینی دووەمی(1995) تاکو حوزەیرانی (1998) (ئازاد عەلی ئیسماعیل 1967_2024) لە مالیزیا سەرنووسەر و سەرپەرشتی دەرکردنی گۆڤارەکەی کردووە، لە ساڵی (1992)، (دوو) ژمارەی بە زمانی کوردی لە باشووری کوردستان دەرکراوەو (یاسین عەزیز) سەرپەرشتی کردووە.

لەڕاستیدا گۆڤاری ئاڵای ئیسلام دەبوو هەرسێ مانگ جارێك دەرچووبووایە، بەڵام لە ئەنجامی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی، کە ڕووبەڕووی گۆڤارەکە بوونەوە وایکردووە بە پچڕپچڕی دەربچێت، بەمەش هەلی دەرچوواندنی ژمارەی کەمی هەبووە، چونکە ئەوە یەکەمین ئەزموونی دەرچوونی گۆڤارێکی ئیسلامیی کوردی بوو لە دەرەوەی کوردستان، ژمارەیەکی بەراییەکانی گۆڤارەکە، بەچاپێکی سەرەتایی چاپکراون، بەڵام دواتر لەڕووی کوالێتی و بوونی وێنە بەرەوپێشەوەچووە. (سەلاح عەزیز: سلێمانی: 2025/2/28)[4].

تیراژی گۆڤارەکە لەسەر تەواوی ژمارەکان نەنووسراوە، بەڵام سەڵاح عەزیز باس لەوە دەکات، کە دوای ئەوەی ئەو بووەتە سەرنووسەری تیراژەکەی گەیشتۆتە (1000هەزار) دانە (سەڵاح عەزیز: 2025/2/28)، دواتر بەگوێرەی توانای ماددی و خوێنەرەکانی تیراژی گۆڤارەکە لەباشترین کاتیدا (1000)دانەبووە، تێچووی گۆڤارەکەش سەرەتا لەسەر ئەرکی (سەرتیپ قادر)[5] بووە، دوای ئەوەی سەرانی رێکخراوەکە، پەیوەندییان لەگەڵ (پەیمانگای جیهانی ئیسلامیی لە ئەمریکا) دروستکردووە، توانیویانە هاوکاری ماددی بۆ گۆڤارەکە دابین بکەن، ئەویش لەڕێگەی کەسایەتییەکەوە بەناوی

sjh@univsul.edu.iq

(شــێخ عەبدولڕەحمان بەرزنجی)[6] ( ســەلاح عەزیز: 2025/2/28). هەرچی تایبەتە بە نرخی گۆڤارەکە، بۆ ســاڵێك بەشداریکردن لە کەنەدا بە (20)دۆلار دیاریکراوە، بۆ ئەمریکا (22) دۆلار و بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە نرخی (25)دۆلار ( ئاڵای ئیسلام:6 :1987)، سەرجەم ئەو ژمارانەی، کە ڕێکخراوی پەیوەندی قوتابیانی موسوڵمانی کورد لە دەرەوە دەریکردوون (42) ژمارەیە، بەسەریەکەوە (1534) لاپەڕەیە.

گۆڤاری ئاڵای ئیسـلام لە یەکەمین ژمارەیدا هۆکاری دەرچوواندنی گۆڤارەکەی لە وتارێکدا بە ناونیشـانی ( ئاڵای ئیسـلامی بۆچی) نووسـیووە، تیایدا هاتووە: "هەر بزووتنەوەیەکی ڕامیاریی یان پیشـەیی پێویسـتی بەهۆیەکی ڕاگەیاندن هەیە بۆ دەربڕینی بیروباوەڕ و بۆچوونەکانی، ئاڵای ئیسـلامیش وێژەری ڕەسـمی پەیوەندییەکەمانە، کە تێدەکۆشـێت بۆ بەجێهێنانی سـێ ئامانجی بنچینەیی: گۆڤارەکەمان هەوڵ ئەدات بۆ گرنگیدان بەبیری ڕەسـەنی ئیسـلامی لە نێوان لاوانی کورددا، بۆ ئەوەی توانایان بشـکێت بەسـەر چارەسـەرکردنی گیروگرفتە ڕامیاری وئابووری و کۆمەڵایەی یەکانی هاتوونەتە کایەوە بۆ گەلەکەمان لە کوردستـاندا ئەویش بەشـێوەیەکی ئیسـلامی..." (ئاڵای ئیسـلام:1: 1986)، هەروەها ڕەخنە لە گۆڤارە ئیسلامییەکانی وڵاتانی عەرەبی ئیسلامیی دەگرێت کە باسی دۆزی کورد ناکەن، یەکێك لە مەبەستەکانی ئەم گۆڤارە ئەوەیە هەروەك خۆی نووسیویەتی: " ئەو بڵاوکراوانە گرنگی یەکی ئەوتۆیان بەکێشەی بیست ملیۆن کوردی موسوڵمان نەداوە، لەبەرئەم هۆیەش: مەبەستی بڵاوکراوەکەمان سەرنج ڕاکێشانی بزووتنەوە و کەسایەتییەئیسلامییەکانە بۆ بەشخوراوی و ستەملێکراوی گەلەکەمان لە چوارچێوەیەکی ئیسـلامی دا... هەروەها ڕایدەگەیەنین کە هەوڵ ئەدەین بۆ خستنەڕووی ڕوخساری ڕاستەقینەی ئیسلامی خەباتی گەلی کوردمان، وەڕێز دەنێین لە خەباتی هەموولایەنە کورد بیەکان و گۆڤارەکەشمان ناکەین بەئامراز بۆ هێرش بردنەسەر هیچ لایەنێك" (ئاڵای ئیسلام: 1: 1986).

دووەم: شوناسی کورد لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلامدا

دید وتێڕوانینی گۆڤاری ئاڵای ئیسـلام، کە ڕەنگدانەوەی پەیوەندی قوتابیانی موسـوڵمانی کورد بوو، کە هەڵگری ئایدۆلۆژیای ئایینی ئیسـلام بوو، هەربۆیە یەکەمین بابەتی گۆڤارەکە بە ناونیشـانی (کوردسـتان لەنێوان سـەرمایەداری لیبراڵی و مارکسـی لینینی و بزووتنەوەی بێلایەنی و ئیسـلام دا)، شـوناسـی کورد دەبەسـتێتەوە بە ئایینی ئیسـلام و پێ لەسـەرئەوە دادەگرێت، کە ئایینی ئیسـلام ئاینێکی جیهانییە و کوفر چ ڕۆژهەڵاتی بێت یان ڕۆژئاوایی دژایەتی دەکەن،[7] هەربۆیە داوا لە کورد دەکات شـوناسـی خۆی لەم ململانێیەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا جیابکاتەوە. (ئاڵای ئیسـلام: 1: 2:1986) پاشان پێی وایە ئەگەر وانەکات سێ هەڵبژاردەی لەبەردەستدایە، ئەوانیش: یەکەم، خۆدانە پاڵ هەریەك لەو دوو بلۆکە بەشەڕهاتووە، کە یەکێکیان سەرمایەداری لیبراڵییە، کە ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی دەگرێتەوە، جیهانی سەرمایەداریش مادییەکی ڕووتە و دوورە لە واقعی کۆمەڵی کوردی، پاشـان هەموو ئەو نەهامەتییانەی، کەلە ڕابردوودا بەسـەر گەلی کورددا هاتووە، هەر لە پەیماننامەی سـایکس بیکۆ و دابەشـکردنی کوردسـتان و پشـتگیری کردنی دوژمنانی کورد، لە تورکیا کە ئەندامی هاوپەیمانی ناتۆیە و دوژمنی کوردە، هەروەها پشـتیگری سیستەمی بەعس لەعێراق لەڕابردوودا، کە ستراتیژییەتی ئەم بلۆکە و بەرژوەندییەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دژی خواستەکانی گەلی کوردە، هەروەها یەکێتیی سۆڤییەتیش، کە پشتگیری سیاسەتی ئەو دەوڵەتانەیە کە کوردستانی بەسەردا دابەشکراوە، هەروەك چۆن لە ڕابردوودا هاوکاری کەمالییەکانی کرد لە چەسپاندنیان لە کوردستان، ڕووخاندنی کۆماری مهاباد و هاوپەیمانی سۆڤییەتی بەعسی لەکاتی شەڕەکانی 1974، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی پێیشان وابوو، کە مارکسی لینینی هەروەك دیموکراتییەتی لیبراڵی لە ژینگەیەکی نامۆ بە واقعی کوردی لەدایکبووە و ناتوانێت وەڵامدەرەوە بێت (ئاڵای ئیسـلام: 1:3:1986)، هەڵبژاردەی

sjh@univsul.edu.iq

دووەم، پاڵدانی دەوڵەتە بێلایەنەکان، کە ئەمانیش بەهۆی ئەوەی وابەستەی هەریەك لەو دوو بلۆکەن، وەك چۆن کاسترۆ(1959-2008) بە پاسەوانی ئەمینی سیاسەتی سۆڤییەتی دادەنرێت و سوهارتۆی ئەندەنوسیاش بە گرێداروی سیاسەتەکانی ئەمریکا لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دادەنرێت، دروشمی ئەم بێلایەنانە پشتگیری نەکردنە لە مافی چارەنووسی میللەتان، تەنانەت لەناو ئەم دەوڵەتانە چەندین کەمەنەتەوایەتی هەن، کە بەئاگر وئاسن فەرمانڕەوایی دەکرێن، هەرگیز نەمانبیستووە کە ڕۆژێك لەڕۆژان ئەم دەوڵەتانە داوا لەعێراق بکەن دان بەمافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کوردا بنێت. داوا دەکات کورد چونکە زۆرینەی موسوڵمانە، دەبێت جووڵانەوەیەکی ئیسلامیی کوردی دروست بکات و پارێزگاری لە شوناسی ئیسلامییانەی خۆی بکات، چونکە بەبڕوای ئاڵای ئیسلام وەکوو موسوڵمان هیچ هەڵبژاردەیەکی تریان جگەلە هەڵبژاردەی ئیسلامی نییە، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ئایەتیان وەکوو بەڵگە هێنانەوەتەوە. (ئاڵای ئیسلام: 5:1:1986). ئەم تێڕوانینەش لەکاتێکدا بوو، کە چەندین ساڵ بوو پارت و ڕێکخراوە چەپ و مارکسییەکان لەمەیدانی سیاسی کوردستاندا سەرقاڵی خەباتی چەکداریی و کاری ڕێکخستن بوون لەشارەکان و بەرەنگاری سیاسەتەی حکومەتی عێراق لە کوردستان دەبوونەوە. ( ژیلوان عبداللە احمد: ڕۆڵی پارت و ڕێکخراوە چەپ و مارکسییەکان لەڕووداوەکانی باشووری کوردستان 1991-2003: 2025).

یەکێك لە گرفتەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد و لەدیدی گۆڤاری ئیسلام لەو قۆناغەدا، گرفتی ونکردنی شوناسی ئیسلامیی کورد بوو، چونکە لەچەندین بابەتدا ئاماژە بەوەدەکەن، کە کورد لە سەردەمی دوای تێکشانی ساسانییەکانەوە ئایینی ئیسلامی بەئاشتی وەرگرتووە و تێکەڵی شارستانییەتی ئیسلامی بووە و بەهۆیەوە خزمەتێکی زۆری شارستانییەتی ئیسلامی کردووە، ئایینی ئیسلام بووەتە بەشێك لە کولتوور و ناسنامەی کورد، شانازی بە موسوڵمانییەتی خۆیەوە کردووە، چونکە ئایینی ئیسلام لە نەزانین و دواکەوتووی ڕزگاری کردووە، هەربۆیە کورد لەسەردەمی خەلافەتی ئیسلامییدا خاوەنی کەسایەتی خۆی بووە، چەندین میرنشینی هەبووە، هەم لەڕووی فکرییەوە، کە چەندین کەسی وەکو (ئیبن خەلەکان، دەینەوەری و ئیبن تەیمییە و بەدیع وزەمان و...هتد) خزمەتیان کردووە، هەم لەڕووی سەربازیشەوە کەسێکی وەك (سەلاحەددینی ئەیوبی) بە خزمەتە سەربازییەکانی کەتوانی لەشەی (حطین) خاچ دروشمەکان بشکێنێت و قودسی ڕزگارکرد، هەرچەندە لەسەردەمەکانی دواتردا ئەورووپییەکان لەڕێگەی قوتابخانە مسیۆنێرییەکان و دواتریش بڵاوکردنەوەی ئایینی بەهایی و قەیسەری ڕووس لەڕێگەی ئەرمەنەکان و چەندین ڕێگەی ترەوە نەیانتوانی کورد لە ئیسلام دابڕن، هەتا شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران لەساڵی (1925)، کە شێخێکی تەریقەتی نەقشبەندی بوو، هەوڵیدا بۆگێڕانەوەی خەلافەت و بۆ ئەم مەبەستەش شۆڕشی لەمێژووی کوردستانی تورکیا بەرپاکرد، ئەمە بەڵگەیە لەسەر ڕەسەنایەتی و قووڵی ڕوحی ئیسلام لەناو کورددا. (ئاڵای ئیسلام: 1986: 9:1).

ئاڵای ئیسلام لەچەندین بابەت و لێکدانەوە و چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسایەتییە سیاسیی و ئاینییەکان دەیویست بیسەلمێنێت، کە ئۆتۆنۆمی و مافی چارەی خۆنووسین دژی پرەنسیپەکانی ئایینی ئیسلام نییە. (ئاڵای ئیسلام:2:3، 3_10-4:1986).هەربۆیە ئاگاداری خوێنەران دەکات کە بابەتەکانیان دەربارەی دۆزی کورد و پێشنیازی ڕێگەچارەسەیی بێت، وەك (ئۆتۆنۆمی، مافە ڕۆشنبیرییەکان، دەوڵەتی کوردی و چارەسەری تر...) (ئاڵای ئیسلام: 1986: 9). هەروەها گۆڤارەکە لە یەکەم ژمارەوە تاوکو کۆتا ژمارە، ئەوەی تێبینی کراوە، ناوەرۆکی نووسینەکانی بەو ئاراستەیەدا بووە، کە شوناسی کورد بە ئایینی ئیسلامەوە گرێبدات[8]، پێیانوابووە کە ئایینی ئیسلام کۆلکەی هاوبەشی نێوان گەلانی ئەم ناوچەیەیە و بەدرێژایی سەردەمەکانی خەلافەتی ئیسلامی کورد و عەرەب وتورك و فارس بەیکەوە ژیاون، ئەوە بیری نەتەوەگەرایی

ئەورووپی بوو، کارێکی وایکرد ململانێی و ناکۆکی بکەوێتە نێوان ئەم نەتەوە جیاوازانەوە. ( ئاڵای ئیسلام: 2: السنة العاشرة، تموز،1996: 7 ).

لەوتارێکدا بە ناونیشانی (تێروانینێکی ئیسلامییانە بۆ چارەسەری پرسی کورد) نووسیویەتی: "دەوڵەتێکی ئیسلامیی کوردی، چارەسەرێکی دادپەروەرانە و باشە..لەبەر ڕۆشنایی قورئان وسوونەت.." (بڕوانە: 6: السنة الاولى، مايس 1987: 16و17).هەروەها لەشوێنێکی تردا باس لەوە دەکات، کە کوردایەتی دژایەتییەکی لەگەڵ ئیسلامدا نییەو، گەلی کورد (98%)ی موسوڵمانە، هەروەها بەشێکی گرنگیشە لە ئوممەی ئیسلامی و شارستانییەتە ئیسلامییەکەی، کە چواردە سەدە کەلەپووری هەیە، کارکردنە لە پێناو ڕزگارکردنی گەلی کوردە، کەلە دواکەوتوویی و بێبەشی لەبواری سیاسی وئابووریی و کۆمەڵایەتییدا دەژی. ( 1: السنة الثانية، حزيران وتموز، 1987: 1)، پاشان نووسیویەتی:" مێژوو فێری کردووین، کە گەلان ناتوانن خۆیان لە شوناسی شارستانیەت دابڕن، ڕۆشنگەری ئیسلامی نوێ لەناو گەلانی یەکێتی سۆڤییەت سەرییهەڵداوە، هەرچەندە شیوعییەکان هەوڵیاندا شوناسی ئیسلامی گەلەکان بسڕنەوە، بەڵام نەیانتوانی و شکستیان هێنا، مێژوو شایەتە، هەروەها گۆڕبەگۆڕ مستەفا کەمالی ماسۆنی زۆر هەوڵیدا قورئان لەناو گەلی تورك، لە (60)ساڵی ڕابردوودا بسڕێتەوە،..." لە کۆتایدا ئاماژەی بەوەکردووە موسوڵمانی ڕاستەقینە کوردێکی ڕاستەقینەیە و کوردێکی دڵسۆزیشە بۆ دینەکەی، دڵسۆزیشە بۆ گەلەکەی و کوردایەتی، کە ئەوەش لۆژیکی تێگەیشتنە لە ئیسلام، نەك لەکەموکورتییەوە بێت.( 1: السنة الثانية، حزيران وتموز، 1987: 3و4).

هەر لەبەرئەمەشە ڕووبەرێکی زۆری ئەو بابەت و لێکۆڵینەوە وتارانەی لەلایەن نووسەر و سەرپەرشتیارانی گۆڤارەکەوە نووسراوە، هەوڵیداوە کولتوور ومێژووی نەتەوەیی گەلی کورد بە مێژووی ئیسلام و کولتوورو شارستانییەتەکەیەوە ببەستێتەوە، هەربۆیە بایەخێکی زۆری بەو کەسایەتییە مێژووییانە داوە، کە خزمەتی ئیسلام وشارستانییەتەکەیان کردووە، وەك سەڵاحەدینی ئەیوبی، پاشان باسی ئەو میرنشینە کوردییانەی کردووە، کەلەماوەی خەلافەتی ئیسلامیدا دروست بوون. (بڕوانە: 2: السنة الثانية، تشرين الثاني وكانون الاول 1988: 9؛ 3: السنة الثانية، نيسان ومايس 1988: 7الى 24 ؛ 4: السنة الثانية حزيران وتموز1988: 20؛ 3: السنة الثالثة، ديسمبر 1989: 7؛ 1: السنة الرابعة، ازار 1990: 8؛ 3: السنة الخامسة، تشرين الاول، 1991: 30؛ 1: السنة السادسة، كانون الثاني، 1992: 19؛ 1: السنة السابعة، كانون الثاني وشباط، 1993، 11؛ 4: السنة الثامنة، ايلول، 1994: 4). هەر لەیەکەم ژمارەوە پێیان وابوو، کە ناسیۆنالیزم بیرۆکەیەکی ڕۆژئاواییە و بەرەگەزپەرستێتی کۆتایی هات وپشتی بە بەهاو پرەنسیپە بێ دینییەکان بەستووە، مرۆڤایەتی بەرەو شەڕو ئاژاوە بردووە.(ئاڵای ئیسلام: 1986: 1).

سێیەم: نووسینەوەی مێژووی کورد لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلامدا

نووسینەوەی مێژووی کورد یەکێك بووە لەو لایەنانەی لەنێو گۆڤاری ئاڵای ئیسلامدا بایەخی پێدراوە، بەمەش بابەت گەلێك لەبارەی قۆناغ و ڕووداوە مێژووییە جیاوازەکان تێیدا نووسراون، بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی زیاتر گوزارشت لە سەرکەوتن و لایەنە پرشنگدارەکانی مێژووی کورد دەکات، یان ڕۆڵی کورد دەردەخات لەناو ڕووداوە سیاسی و دیاردە شارستانییەکان (بڕوانە: 5: السنة الاول، ازار 1987: 8؛ 2: تشرين الثاني وكانوون الاول، 1987: 5؛ 3: السنة الثالثة، ديسمبر، 1989، 12؛ 4: السنة الثالثة، تشرين الاول، 1990: 19). بەمەش هەموو جۆرەکانی

تۆمارکردنی مێژوو لەم گۆڤارەدا بەدی دەکرێت، وەك بڵاوکردنەوەی وتاری مێژوویی، یاداشــت و بیرەوەری مێژوویی، مێژووی زارەکی، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی پارتە سیاسییەکان، بەڵگەنامە مێژووییەکان.

توێژەرێك پێی وایە، کە پێش ڕاپەڕینی 1991 هەرچەندە کۆمەڵگای کوردستان لە دۆخێکی ناهەمواری سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا بوو، بەڵام بەهۆی کوردایەتی و ئەو بزووتنەوە سیاسی و ڕۆشنبیرییەی لە شاخ، شارو تاراوگە لە ئارادابوو، کۆمەڵگا نەك هەر تووشــی قەیرانی کۆمەڵایەتی نەبوو، بەڵکوو لە باشـترین حاڵەتی شـوناســی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا دەژیا و کوردایەتی خاڵی کۆکەرەوەی هەمووان بوو، لە گەڕان بە دوای شـــوناســـی خۆیدا کوردایەتی کردبووە ئامانج، زەبروزەنـگ و توونـدوتیژی ڕژێمی بـەعس و ئیرادەی خـەبـات و بـەرخۆدانی شـــارو شـــاخی بـەهێز کردبوو، بـەوەش شـوناسـێکی بەهێزی کۆمەڵایەتی بنیات نرا. (کوردسـتان محمد محمود: کاریگەری کولتووری سـیاسـی لەسـەر ڕەوشـی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان: 2022: 20)، ئەمە لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلامیشدا ڕەنگیدابووەوە.

گۆڤاری ئاڵای ئیسـلام لە هەموو ژمارەکانیدا گرنگی زۆری بەنووسـینەوەی ڕووداوە مێژووییەکانی کورد داوە، بەم هۆیەوە ژمارەیەك وتارو لێکۆڵینەوەی لەژێر ناونیشـــانی جیاوازدا نووســـراون وەك: لە ژمارەی تەمووز و حوزەیرانی (1987)، باسـی سـەرکەوتنی پێشـمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردسـتان دەکات لەناوچەکانی ئامێدی و سـەرسـەنگ و گرتنی بـارەگـای فـەوجی (87)ی حکومـەت لـەو نـاوچـەیـە، هێزەکـانی پـارتی گـەلیش (18)چـالاکییـان لـەو مـاوەیـەدا بەســـەرکەوتوویی ئەنجامداوە، هەروەها هێزی پێشـــمەرگەی یەکێتیی نیشـــتمانیی کوردســـتانیش چەند چالاکییەکی ســـەرکەوتوویان لە ســـلێمانی وهەولێر ئەنجامداوە. (1: الســـنة الثانية، حوزەيران وتموز1987: 5)، هەروەها هەرلەمان ژمارەدا بەزمانی ئینگلیزیش باســی ڕاگواســتن و تێکدانی گوندە کوردییەکان لەلایەن ڕژێمی بەعســەوە دەکات (1: الســنة الثانية، حوزەيران وتموز1987: 5). لە هەواڵێکی تردا باســـی لەوە کردووە، هێزەکانی پارتی لەناوچەی بادینان دەســـتیان بەسەر (5) فەوج و چەند ڕەبییەکدا گرت و نزیکەی (60) سەربازیشیان بەدیل گرتووە. (2: السنة الثانية، تشرين الثاني و كانوون الاول، 1987: 23).

لەژمارەکانی ســاڵی (1988)دا باســی کیمیابارانکردنی شــاری هەڵەبجەی کردووە و لەســەر ڕووی بەرگێکیشــدا وێنەی (عومەری خاوەرو کۆرپەکەی)داناوە لەژێر ناونیشـانی: (لە دێریاسـینەوە بۆ هەڵەبجە) باسـی ڕووداوەکەی کردووە. (3: الســنة الثانية، نيســان ومايس 1988: 1)، پاشــان باســی چالاکی پێشــمەرگەکانی (حزب اللە‌ی کوردی) کردووە، بە سـەرکردایەتی (شێخ محەمەد خالیدی بارزان)، پاشـان باسـی چالاکی و سـەرکەوتنێکی هێزەکانی پێشمەرگەی بزووتنەوەی ئیســـلامی کردووە، هەر لەباســـی پەیوەندی نێوان پارتەکان لەو قۆناغەدا، باس ســـەردانێکی جەلال تاڵەبانی کردووە بۆ بارەگای بزووتنەوەی ئیسلامی (3: السنة الثانية، نيسان ومايس 1988: 2_3).

لـە ژمـارەیـەکی گۆڤـارەکـە هـەواڵی دامـەزرانـدنی بـەرەی کوردســـتـانی[9] بڵاوکردۆتـەوە لـە ڕۆژی( 2ی ئـایـاری 1988)، نووسـیویەتی: "بەرەی کوردسـتانی لە پێنج لایەن پێکهاتووە، پارتی، یەکێتی، حسـك، پدکگ و پاسـۆك". (3: السـنة الثانية، نيسـان ومايس 1988: 8). گۆڤاری ئاڵای ئیسـلام لە سـاڵی 1989 تاکو دوای ڕاپەڕین بە وردی هەواڵەکانی بە گوێرەی ڕۆژ و مانگ لە کوردستانی باکوور و باشوور تۆمارکردووە، هەروەها زۆرجاریش هەڵوێست و تێڕوانینی لایەنی غەیرە کوردیشـــی ســـەبارەت بە ڕووداوەکان تۆمارکردووە، بۆ نموونە لەهەواڵێکدا نووسـیویەتی:" دووڕوویی یان بیروباوەڕ! چاودێری ئیخوان پیرۆزبایی ڕزگارکردنی فاو لە عێراق دەکات، شێخ عەبدولقادر ئەبو غەدە) چاودێری گشتیی ئیخوان لە

سووریا برووسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی سەدام کردووە لەرۆژی (16ی نیسانی 1988)، (بڕوانە: 1: السنة الثالثة ، ازار1989: 14). پاشان لەهەواڵێکی سەبارەت بە باکوری کوردستانیش باسی ژمارەی کوژراوان و بریندارانی شەڕەکانی نێوان گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و سوپای تورکیای کردووە. (1: السنة الثالثة ، ازار1989: 14)، هەروەها لە هەواڵێکی تردا باسی ڕاگواستنی خەڵکی قەڵادزێی کردووە، پاشان ئاماژەی بەوەداوە حکوومەت (17) ڕۆژی مۆڵەت بۆ خەڵکەکە داناوە بۆ ڕاگواستنیان، لە هەواڵێکی تردا باسی هەوڵێکی تیرۆرکردنی ڕابەری بزووتنەوەی کردووە، هەر لەتۆمارکردنی ڕووداوەکاندا باسی دۆزینەوەی ناوچەیەکی نەوتی کردووە لە شاری دیاربەکر لە باکوری کوردستان. (2: السنة الثالثة، حوزيران 1989: 15)، هەر لە تۆمارکردنی ڕووداوەکانی باکووری کوردستان باسی کوژرانی (1500)کەسی کردووە لەمانگی ئابی 1984ەوە بۆ مانگی ئابی 1989، لەهەواڵێکی تردا باسی ژەهراوییوونی پەنابەرە کوردەکانی باکووری کردووە، لەهەواڵێکی تردا باسی لەوە کردووە لە چەندرۆژی ڕابردوودا (2)زیندانی سیاسی بەهۆی مانگرتنیان لەخواردنەوە لە زیندانەکانی تورکیا گیانیان لەدەستداوە. (2: السنة الثالثة، حوزيران 1989: 15). هەروەها لەسەر ڕۆژ هەڵاتی کوردستان نووسیویەتی:" ئەنجوومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق لە بەیانێکدا مەحکومی تیرۆرکردنی د.عەبدولڕەحمانی قاسملوو(1930-1989)کردووە لە ڕۆژی (14ی تەمووزی 1989) [ لەڕاستیدا ڕۆژی 13ی تەمووز بو] ، لە ڤییەنا، بەڵام تیرۆرەکەی خستوتە ئەستۆی ڕژێمی عێراقی..."(2: السنة الثالثة، حوزيران 1989: 15). لە هەواڵێکی تردا باسی ڕووداوەکانی مانگی ئازار و نیسانی ساڵی 1990ی ڕاپەڕینی کوردانی شارەکانی جەزیرە و ماردین و نسێبین و باتمان وان و دیاربەکری باکووری کوردستانی کردووە، کە هۆیەکەشی بە گوێرەی گۆڤاری ئاڵای ئیسلام بۆ یاسا ڕەگەزپەرستییەکانی دەستووری تورکیا کەبەسەر کوردانیدا سەپاندووە، دواکەتوویی ئابووری، بەرەنگاری چەکدارانەی پارتی کرێکارانی کوردستان و ڕابوونی ئیسلامی و ڕۆڵی ململانێی ناوچەیی و هەرێمییەکان دەگەڕێتەوە. ( 2: السنة الرابعة، حوزيران، 1990: 12)، ئەو ژمارەیەشی کەدوای ڕاپەڕینی ئازاری 1991 دەرچووە، کرۆنۆلۆجیای ڕووداوەکانی ڕاپەڕین لەشاری سلێمانی و هەولێرو کەرکوکی تۆمارکردووە و کۆمەڵێك وێنەی فۆتۆگرافیشی لەگەڵدا داناوە، پاشان باسی کۆڕە و دانووستانەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکوومەتی عێراقی کردووە و هەڵوێستی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە و پەیوەندیشی باس کردووە، پاشان باسی ڕاپەڕینی دووەم و هێرشی پێشمەرگەی بەرەی کوردستانی بۆسەر سەربازگە و سوپای عێراقی لە شارەکانی کوردستان کردووە. ( بڕوانە: 3: السنة الخامسة، تشرين الاول 1991: 18_35)، لە باسی ڕووداوەکانی ڕۆژ هەڵاتی کوردستانیشدا نووسیویەتی: "ڕۆژی 19ی ئابی 1991 ژمارەیەك پێشمەرگەی (حدکا) هێرشیان کردۆتەسەر یەکەیەکی سوپای ئێران لە ناوچەی (ئاش جەنگل)ی نزیك مەهاباد، کە بەهۆیەوە (40) سەرباز کوژراون و دەستبەسەر ژمارەیەك چەك وتەقەمەنی جۆراجۆریشدا گیراوە...." (3: السنة الخامسة، تشرين الاول 1991: 18_35). لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلامدا، گرنگی بە بڵاوکردنەوەی دەقی ئەو بەیاننامانە دراوە، کە لەلایەن پارت و ڕێکخراوە کوردییەکانەوە بەبۆنەی جیاوازەوە دەرکراون، ئەوانە دەکرێت هەموو وەك بەڵگەنامەی مێژوویی تایبەت بەو قۆناغەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد سوودیان لێ وەربگیرێت لەوانە: یاداشتی ئۆپۆزسیۆنی ئیسلامی لە عێراق کەپێکهاتبوون لە : بەڵگەنامەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراق لە (24ی تەمووزی 1988) لەسەر بڕیاری ( 598)ی وەستاندنی شەڕی ئێران_عێراق. بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستانی عێراق، ڕێکخراوی کاری ئیسلامی لە عێراق و حزبی دەعوەی ئیسلامی، بۆ کۆنفرانسی دژ بەبەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە پاریس، بەیاننامەی بزووتنەوەی ئیسلامی دژی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە ڕۆژی(8ئابی1990) (1 : ئازاری 1991 :10)، بەیاننامەی لیژنەی ناوەندی پارتی یەکێتیی گەلی کورد لەسووریا (13:

sjh@univsul.edu.iq

تشـرینی یەکەمی 1991: 37)، بەیاننامەی کۆتایی کۆنگرەی نیشـتمانیی عێراقی لە ڤیەنا لە (6بۆ19/حوزەیرانی 1992)، بڕیاری ڕاگەیاندنی فیدڕاڵی لە پەرلەمانی کوردستان لە(4ی تشرینی یەکەمی 1992)، بەیاننامەی پشتیوانی لە بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق لقی ئەورووپا، بەیانی پەیوەندی دژی هاتنە ناوەوەی سوپای تورکیا بۆ هەرێمی کوردستان لە(24ی ئازاری 1995).

لە چەند ژمارەیەکی دیکەی گۆڤارەکەدا ڕاپۆرتێکی بەڵگەنامەیی لەسەر مافەکانی گەلی کورد لە باکووری کوردستان، دەقی بەڵگەنامەیەك دەربارەی چاوپێکەوتنێکی (شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە 1881، دەقی یاداشتێکی شێخ مەحموودە، کە لەلایەن (کاپتن هۆڵت) ئەفسەری ڕێکخستنی هەماهەنگی ڕادەستکردنی شێخ بە دەسەڵاتی عێراقی لە پێنجوێن کردووە، دەقی چاوپێکەوتنێکی (مستەفا پاشای یامولکی) لەگەڵ سمکۆی شکاك، ڕاپۆرت و بەیانێك دەربارەی کۆنگرەی سێیەمی پەیوەندی ئیسلامی خوێندکاران و لاوانی کوردستان، یاداشتێکی بەڵگەنامەیی دەربارەی سەیدعەبدولقادری شەمزینی، کە مەندوبی سامی بەریتانیا لە ئەستەنبووڵ نووسیویەتی.( بڕوانە: 3: ایلول 1992 : 36؛ 1: السنة السابع، كانون الثاني 1993 :28؛ 8: نيسان 1994: 14؛ 1: السنة التاسعة نيسان 1995: 30؛ 2: السنة التاسعة تشرين الثاني 1995: 6_8، 59؛ 1: السنة عاشرة ازار 1996: 51؛ 2: السنة العاشرة تموز 1996: 51؛ 3: السنة العاشرة اب 1996: 40_41؛ 3: السنة العاشرة، تشرين الثاني 1996: 58).

مێژووی زارەکی لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلامدا بایەخی پێدراوە، لەو چوارچێوەیەشدا دیدار وچاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتی کراوە، بەمەش تیشك خراوەتە سەر باسێك لەباسەکانی مێژوو، بەمەش لایەنێکی گرنگی نووسینەوەی مێژووی ئەو ماوەیەی گۆڤارەکەی تێدا دەرچووە ڕوونکراوەتەوە، بەمەش دەبێتە کەرەستەیەکی باشی نووسینەوەی مێژووی گەلی کورد بۆ توێژەران، لەوانە: چاوپێکەوتنێکی (جەلال تاڵەبانی) لە (10ی حوزەیرانی 1988) لەواشنتۆن لەگەڵ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە تێیدا باسی تاوانەکانی ڕژێمی عێراق وکارەساتی هەڵەبجەی کردووە، چاوپێکەوتنێکی (مەسعوود بارزانی ) سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان کە لە ڕۆژی (2ی ئەیلولی 1989) لەگەڵ گۆڤاری (العالم) ئەنجامیداوە، باسی هەڵوێست و پەیوەندییەکانی بەرەی کوردستانی کردووە، چاوپێکەوتن لەگەڵ (محەمەد مەهدی ئاسەفی) وتەبێژی حزبی دەعوەی ئیسلامی لەگەڵ (عەلی عەبدولعەزیز) جێگری ڕابەری گشتی بزووتنەوەی ئیسلامی، ئیبراهیم ئەحمەد، عەزیز عەقراوی، عومەر عەبدولڕەحمان سەرۆکی کۆمەڵەی ئیسلامی لە میسر، عادل عەبدولمەهدی، مەلا عوسمان ڕابەری بزووتنەوە، محەمەد شێخ ڕەزای سەرگەڵوی، هۆشیار زێباری، مەلا کرێکار، تەها جابر عەلوانی، چاوپێکەوتنێکی دیکە لەگەڵ جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. (بڕوانە: 4: السنة الثالثة، كانون الاول، 1989: 19؛ 1: السنة الرابعة، ازار 1990: 5_13؛ 1: السنة الخامسة، ازار 1991: 18_19؛ 2: السنة الخامسة، تموز 1991: 28؛ 1: السنة السادسة، شوباط1992: 22؛ 2: السنة السابعة، مايس وحوزيران 1993: 9؛ 3: السنة السابعة، ايلول 1993: 10؛ 1: السنة الحادي العشر، نيساني 1997: 4).

چوارەم: ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کوردستان لە گۆڤاری ئاڵای ئیسلامدا

گۆڤاری ئاڵای ئیسلام لە بارودۆخێکدا دەرچوو، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەردەوام بوو، هاوکات لە لایەك پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد خەباتیان دەکرد، لەلایەکی تریشەوە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان لەسەر سەرکوتکردنی گەلی کورد بەردەوام بوون، ئاشکرایە، گۆڤاری ئاڵای ئیسلام لەلایەن ڕێکخراوی قوتابیانی موسوڵمانی

کورد لە دەرەوە دەردەکرا، جگەلە گواستنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە بەردەوام هەواڵ ودەنگ وباسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلی کوردی لە باشوور و پارچەکانی تریش گواستۆتەوە، ئەم گۆڤارە هەرچەندە گۆڤارێکی ئیسلامی بوو، بەڵام ئەگەر تەماشای ژمارەکانی بکەین، دەبینین هەواڵ وچالاکیی سیاسی و سەربازیی لایەنەکانی تریشی بڵاوکردووەتەوە، لەوکاتەشدا دەرکردنی ژمارەکانی هاوکات بووە لەگەڵ ئاشتبوونەوەی گشتی و دروستکردنی (بەرەی کوردستانی لەساڵی 1988) دا، ئەمەو جگەلەوەی لەو بارودۆخەدا بەهۆی نزیکی بیرکردنەوەیان لە بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستانی عێراق[10] کەوتنە ژێر کاریگەری ئەو حزبە، هەربۆیە دەبینین لەو ژمارانەی کەوتوونەتە دوای دروستبوونی بزووتنەوەوە چالاکییە سەربازییەکانی بزووتنەوەیان بڵاوکردۆتەوە، (سەڵاح عەزیز: 2025)، لەگەڵ ئەوەشدا بەبایەخەوە چالاکیی پارت و ڕێکخراوەکانی تریشیان بڵاوکردۆتەوە و لە دەرەوەش لەو بارودۆخەدا هەوڵیانداوە کێشەی کورد بگەیەننە ڕێکخراوە ئیسلامییە عەرەبییەکان و دۆزی کوردیان بۆ ڕوون بکەنەوە( عوسمان عەلی: هەولێر: 2025)[11]، بۆیە دەبینین لەڕۆژی 19 تاکو 20ی کانوونی دووەمی 1990 بڕیاری کۆنگرەیەکی ئیسلامییان لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا دا، زۆربەی کەسایەتییە ئیسلامییە عەرەبییەکانیان بانگهێشت کردووە (بڕوانە: 1: السنة الرابعة، ازار1990: 10).

لەدوای کیمیابارانکردنی شاری هەڵەبجە و پرۆسەی ئەنفالەوە[12]، ئاوارەیەکی زۆر ڕوویان لە ئێران کرد، هەربۆیە ڕێکخراوی پەیوەندی لەگەڵ گەیاندنی هەواڵی کیمیایی بارانکردنی ئەو شارەو بڵاوکردنەوەی وێنەی قوربانییەکان و ئەنجامدانی خۆپیشاندان لە بەردەمی باڵیۆزخانەی عێراق لە ئەمریکا، هەوڵی کۆکردنەوەی کۆمەکی مادیان بۆ ئاوارەکان دا، بەم هۆیەوە (150هەزار دۆلاریان) کۆکردەوە و لەڕێگەی نوێنەرەکانی خۆیانەوە گەیاندیانە ئاوارەکان، بۆیە دەبینین گۆڤاری ئاڵای ئیسلام ئەو چالاکییەی بڵاوکردۆتەوە و وێنەی بەڵگەنامەکانیشی داناوە، (2: السنة الخامسة، تموز1991: 16).

لەو قۆناغە سیاسییەی باشووری کوردستاندا، لەدەرەوەی حزبە چەپ و نەتەوەییەکان، ڕەوتی ئیسلامیی سیاسیش هەبوون، خۆی لە بزووتنەوەی ئیسلامیی لەکوردستانی عێراق و باڵی یەك و دووی ئیخواندا دەبینیەوە[13]، ئیخوانەکانیش وەکو لایەنەکانی تری باشووری کوردستان سەرقاڵی چالاکیی سیاسیی و ڕێکخستن و پەروەردەیی بوون، بە تایبەت لەو ئۆردووگایانەی بۆ ئاوارەکان تەرخانکرابوو، بەهۆی ئەوەی کە ئیخوان لەگەڵ کاری چەکداری دژی حکوومەتی عێراقی نەبوو، ئەمەش ببووە جێگەی ڕەخنەی ئەندامانی بزووتنەوەی ئیسلامی و زۆرجار تووشی ناکۆکی دەبوون.

گۆڤاری ئاڵای ئیسلام زیاتر بایەخی بەچالاکییەکانی بزووتنەوە و باڵە چەکدارییەکە دەدا، کەمتر باسی لەکارو چالاکی ئیخوان کردووە، بۆیە لەهیچ ژمارەیەکی ئەو قۆناغەدا چالاکییەکانی ئیخوان باس نەکراوە.

دوای ئەوەی ڕاپەڕین لە باشووری کوردستان ڕوویدا، بایەخی بەڕووداوەکانی ڕاپەڕین داوە، دواتریش کە کۆڕەوەکە دروست بوو، خەڵکێکی زۆر ڕووی لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا کرد، ( 2: السنة الخامسة، تموز، 1991: 9 ) دوای ئەوەی دانووستان لەنێوان بەرەی کوردستانی و حکوومەتی عێراقیدا ئەنجامدرا، خەڵکی گەڕانەوە شارو شارۆچکە و گوندەکان و سەر ماڵوحاڵی خۆیان (2: السنة الخامسة، تموز، 1991: 9).

گۆڤارەکە لەدوای ساڵی 1993وە بەهۆی نزیکی لە بزووتنەوەی ئیسلامی و کاریگەریی کاروچالاکییەکانی بزووتنەوە لەسەر ڕێکخراوی پەیوەندی، کەوتنە ژێرکاریگەری ئەو ناکۆکیی وشەڕانەی لەنێوان بزووتنەوەی ئیسلامیی و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان ڕوویدا،[14] کە هەم کاریگەری کردە سەرچالاکییەکانی گۆڤار و ڕێکخراوەکەش، هەمیش گۆڤارەکە

sjh@univsul.edu.iq

بەیاننامەکانی بزووتنەوەی بڵاودەکردەوە و کەوتە لایەنگیری بزووتنەوە، پێی وابوو کە یەکێتی چونکە حزبێکی عەلمانییە بۆیە ئەو شــەڕە هەڵگیرســاوە (1: السـنة الثامنة، نیســان1994: 4 )، دوای شـەڕەکانی نێوان بزووتنەوە و یەکێتی، خوولی یەکەمی شــەڕی نێوان یەکێتی و پارتی دیموکراتی کوردســتان هەڵگیرســا، گۆڤارەکە هەڵســەنگاندنی خۆی بۆ شــەڕەکە کردووە و ڕووداوەکانی ســاڵی(1995) تاوەکوو کۆتایی ئەو قۆناغەی بە زنجیرە باس کردووە (3و4: الســنة العاشــرة، 1996: 5)، هەروەها کرۆنۆلۆجیای ڕووداوەکانی شەڕی ناوخۆی لەهەمان ژمارەدا بڵاوکردۆتەوە.

گۆڤاری ئاڵای ئیســـلام وەکوو گۆڤاری ســـەربە ڕێکخراوی پەیوەندی لە حوزەیرانی 1998دا ڕادەوەســـتێت ( ســـەڵاح عەزیز:2025 )، چونکە زۆربەی ئەندامانی پەیوەندی لەگەڵ ئەوەدا بوون، کە بچنە ناو بزووتنەوەی ئیســـلامییەوە، پێشـــتریش لە کۆنگرەی حەوتەمی بزووتنەوەدا ئەندامێکی ســـەرکردایەتیان درایە، ئەمەش وایکرد چالاکییەکان بەناوی پەیوەندییەوە نەمێنێت و بچنە ژێر چەتری بزووتنەوەوە. ( سەڵاح عەزیز: 2025).

**ئەنجام**

1. گۆڤاری ئاڵای ئیســـلام دید و تێڕوانینی بەرانبەر بە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، دید و تێڕوانینێکە کاریگەی بیری ئیسلامی بەسەرەوەیە، هەرچەندە لێی نووسرابوو، گۆڤارێکی ڕۆشنبیری، فکری، سیاسی، گشتییە، بەڵام زمانحاڵی ڕێکخراوی پەیوەندی قوتابیانی موسوڵمانی کورد بوو لە دەرەوە، کە دواتر ناوەکەی گۆڕدرا، هەربۆیە لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە ئیسلامیی بووە.

2. ئاڵای ئیسلام جەخت لەسەر پاراستنی شوناسی ئیسلامیی کورد کردۆتەوە، هەربۆیە لە زۆربەی ژمارەکانیدا ئەو ڕاستییە ڕەنگی داوەتەوە و هەوڵیداوە کولتوور و مێژووی گەلی کورد ببەستێتەوە بە ئایینی ئیسلام و مێژووی قۆناغە جیاوازەکان. هەر لەسەردەمی هاتنی ئایینی ئیسلام و تاکوو سەردەمی دەرچوواندنی گۆڤارەکە.

3. گۆڤاری ئـاڵای ئیســـلام زۆر گرنگی بـە نووســـینـەوەی مێژووی گـەلی کورد و بزووتنـەوەی ڕزگاریخوازیی نـەتـەوەیی گـەلی کورد داوە، چـەنـدین توێژینـەوە و بـەڵگـەنـامـە و بـابـەتی جۆراوجۆری تێدایـە، زۆربـەی ڕووداوە مێژووییەکانی سەردەمی خۆی بەشێوەی زنجیرەیی (کرۆنۆلۆجی) نووسیوەتەوە، کە توێژەران دەتوانن سوودێکی زۆری لێوەربگرن.

4. ئـاڵای ئیســـلام بـەهۆی ئـەوەی، لـە دەرەوەی کوردســـتـان دەرچووە، جگـەلـە (2)ژمـارەی بـەزمـانی کوردی لـە کوردســـتان دەرچووە، بەزمانی عەرەبی بوو، لە هەندێك ژمارەدا بابەتی بەزمانی ئینگلیزی و تورکیش تێدایە، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەبووە کە خوێنەرەکانی لە دەرەوەی کوردستان بوو.

5. لـەڕێگـای بـابـەتـەکـانی نێو گۆڤـاری ئـاڵای ئیســـلامـدا دەتوانرێـت زانیـاری لـەبـارەی بـارودۆخی ئـەو ســـەردەمـەی کوردســـتان و ســـیاســـەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردســـتان بە تایبەتی عێراق و تورکیا بەرانبەر بە کورد بـەردەســـت بخـەین، بـە تـایبـەت یـەکـەمین گۆڤـاری ئیســـلامی بووە، کـە بـایـەخێکی تـایبـەتی بـە دۆزی کورد و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەیی گەلی کورد لە باکووری کوردستان داوە.

sjh@univsul.edu.iq

**پەراوێزەکان**

1. ڕێکخراوی پەیوەندی قوتابیانی موسوڵمانی کورد لە دەرەوە، لە حوزەیرانی 1986دا لە لایەن هەریەکە لە( عوسمان عەلی، خەلیل توفیق هەمەوەندی و ئاراس عومەر ئیسماعیل) لە وڵاتی کەنەدا دامەزرا، دواتر چەند کەسێکی تری وەکوو (سەڵاح عەزیز) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێوەی پەیوەست بوون، شایانی ئاماژەیە ئەم ڕێکخراوە دوای ڕاپەڕین لەگەڵ ڕێکخراوی یەکێتیی ئیسلامی قوتابیان و لاوانی کوردستان یەکیانگرت و لەڕۆژی (1992/6/24) یەکەمین کۆنگرەی خۆیان بەناوی کۆنگرەی یەکەم بەست، لەو کاتەوە تاوەکوو وەستانی کاری ڕێکخراوەکەلە ساڵی 1998، چوار کۆنگرەی بەستووە. (چاوپێکەوتن لەگەڵ د.سەڵاح عەزیز، 2025/2/28، سلێمانی؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ د.عوسمان عەلی، 2025/3/18، لەڕێگەی پەیوەندی تەلەفۆنییەوە؛ خاڵەکاوە، پوختەیەك لەمێژووی پەیوەندی، ڕابوون، ژ(34)، 5تشرینی یەکەم، 1996، ل6).

2.ئەو ڕێکخراوەی تر، ناوی یەکێتی ئیسلامی قوتابیان و لاوانی کوردستان بوو، لە ساڵی 1991دا لە شارۆچکەی (دیانا) لەلایەن چەند کەسێکەوە دامەزرا بوو، سکرتێری ڕێکخراوەکە ( یاسین عەزیز) بوو، ئەم ڕێکخراوە پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی ئیسلامییدا هەبوو. ( میدیا، ژ( 168)، 2004/8/15، ل6).

3.هیوا بەرزنجی: ناوی تەواوی هیوا فوئاد سدیقە، لەساڵی 1959 لەشاری کۆیە لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەشاری هەولێر تەواوکردووە، پاشان لە کۆلێژی زانستی زانکۆی موسڵ وەرگیراوە، لەساڵی 1990چووتە وڵاتی کەنەدا و بۆ ماوەی سێ ساڵ سەرنووسەری گۆڤاری ئاڵای ئیسلام بووە، ساڵی 2008 گەڕاوەتەوە کوردستان، ئێستا مامۆستایە لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی سەلاحەددین. ( ئاڵای ئیسلام، اعداد: د.کامران بابان زادە، عبدالله شریف گەڵاڵی و جلیل حەمەزیاد احمد، 2024، اربیل، ص11).

**4. سەلاح عەزیز**: ناوی تەواوی سەڵاح محەمەد عەزیزە و لەساڵی 1952 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەشاری سلێمانی و بەغداد تەواوکردووە، دواتر لە کۆلێژی زانستی بەشی فیزیای لەساڵی 1976 لەبەغداد تەواوکردووە، دواتر چووەتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ماستەرو دکتورای لەو وڵاتە وەرگرتووە، پاشان بووەتە مامۆستاو توێژەر لە زانکۆی فلۆریدا، لەساڵی 1987لەگەڵ چەند کەسێکی تردا ڕێکخراوەی پەیوەندی قوتابیانی موسوڵمانی کوردیان لە دەرەوە دروستکردووە و بووە و پاشان بووەتە سەرنووسەری گۆڤاری ئاڵای ئیسلام، لەساڵی 2010تاوەکوو 2017 سەرۆکی زانکۆی کۆمار بوو، ئێستا لەشاری سلێمانی نیشتەجێیە.

5. سەرتیپ محەمەد قادر: لەساڵی 1959 لەشاری سلێمانی لەدایکبووە، دەرچووی کۆلێژی ئەندازیارییە لە زانکۆی بەغداد، لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە چووەتە وڵاتی بەریتانیا، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی پەیوەندی قوتابیانی موسوڵمانی کورد لە دەرەوە، دواتریش بەرپرسی لقی دەرەوەی پەیوەندی بوو تاکوو کۆتای کاری ئەو ڕێکخراوە، هەروەها پشتیوانێکی سەرەکی مادی گۆڤاری ئاڵای ئیسلامیش بووە، ئێستا لە وڵاتی بەریتانیا دەژی.

6.عەبدولڕەحمان بەرزنجی: ناوی تەواوی عەبدولڕەحمان عەبدولکەریم بەرزنجییە، لەساڵی 1946 لەشاری هەولێر لەدایکبووە، لە ساڵانی حەفتاکان وسەرەتای هەشتاکان یەکێك بووە لە مامۆستا ئاینییە دیارەکانی شاری هەولێر و لە مزگەوتی(ئازادی) وتاربێژبووە، لەساڵی 1982 چووتە وڵاتی نەرویج، ماستەرو دکتورای لە زانستە ئیسلامییەکان تەواوکردووە، یەکێك بووە لە هاوکارانی گۆڤاری ئاڵای ئیسلام و خاوەنی چەندین نووسین و وتاری زانستییە لەسەر شارستانییەتی ئیسلامی، ئێستا لە دەرەوە دەژی.

7.ئەمان پێیان وایە، کە شوناس ئەو وێنەیە کە نەتەوە بۆخۆی دروست دەکات، دەبێت لەڕێگەی شوناسەوە گوزارشتی لێ بکات، کە ڕەنگدانەوەی کۆمەڵێك سیمای جیاوازە لە بواری کۆمەڵایەتی و کولتووری، کەهەر نەتەوەیەك لەماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا هەیەتی و لەوماوەیەدا هەژموونی خۆی بەسەردا دەدات.. شوناس تەنها شتێکی ڕواڵەتی نییە، هەتا هەر هێزێکی سیاسی بتوانێت بەئارەزووی خۆی وێنای بکات، بەڵکوو وێنەیەکە بۆ پێکەوەبەستنی ئێستاو ڕابردووی نەتەوەیەك، کەبەشێوەیەکی گشتی سێ شتی جەوهەری لەخۆدەگرێت:

1.جیهانبینی نەتەوەیەك بۆ بوون.

2.ئەو زمانەی کەنەتەوە گوزارشتی پێ دەکات.

3.کەلەپوری کولتووری مێژوویی. ( بڕوانە: عومەر عەلی، شوناسی نەتەوەیی و سێبەری بەجیهانی بوون، گۆڤاری هەژان، ژ(22)، 2009، ل8).

8.ئەم ململانێیەی نێوان نوخبەی چەپ و ئیسلامیی لە دوای ساڵانی هەشتاکان زیاتر زەق بووە، چونکە چەپەکان دەیانویست هەموو نەهامەتی وشکستەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردی بە ئیسلامەوە گرێبدەن، لەبەرامبەیشدا ئیسلامییەکان جەختیان لەسەر ڕەسەن بوونی هەستی نەتەوەیی و گرێدانی ئەم هەستە بە ئیسلامەوە بدەن. ( بۆزیاتر بڕوانە: ئەبوبەکر عەلی، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی دیدێکی ئیسلامی هاوچەرخ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2008، ل23-24).

9. بۆ زیاتر دەربارەی مێژووی بەرەی کوردستانی بڕوانە: سروە قادر سمایل، ئەزموونی کاری بەرەیی لە کوردستانی عێراق1980-1990، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە، 2010، ل70 ودواتر.

10. وەك پارتێکی سیاسیی ئیسلامی دروستبوونی بۆ دوای خۆپیشاندانە جەماوەرییەکەی هەڵەبجە لەڕۆژی (1987/5/13) دەگەڕێتەوە، کەژمارەیەکی زۆر لەزانایان وکەسایەتی ڕوویان کردە ئێران ، بەگەیشتنیان بەئێران لەڕۆژی (1987/5/24) لەژێرناوی (کۆمەڵەی زانایانی کۆچەری)بەیاننامەیەکیان دەرکردو شۆڕشی چەکداریان ڕاگەیاند، ئەمەش سەرەتای ڕاگەیاندنی پارتێکی نوێ بوو، بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی کەلەلایەن(شێخ عەبدولەتیف واژەیی)ڕابەرایەتی دەکرا، پێشوازیان لەم کۆمەڵەزانایانە کردولەحوزەیرانی 1987لەشاری(سنە)کۆبونەوەیەك کراو تێیدا بڕیاری ڕاگەیاندنی بزوتنەوەی ئیسلامی بەڕابەرایەتی (شێخ عوسمان عەبدولعەزیز)درا، دواتر ئەوانیش وەکو هەموو پارتە سیاسیەکانی تری کوردستان بڕیاری خەباتی چەکدارییان دا، دەبێتە یەکەم پارت بنکەیەکی فراوانی چالاکی جۆراوجۆری لەمزگەوتەکان هەبوو ،دەرئەنجام دوای فشاری ڕژێم بۆسەر ئەم کەسایەتیانە، زۆر لە زانایانی ئایینی و گەنجان ڕوولە ئێران دەکەن، ڕاگەیاندنی ئەم بزوتنەوەیە وەرچەرخانێکی مەزن بوو لەخەباتی ئیسلامی کوردانداا لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا،پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر دامەزراندنیدا لە 1988/6/6 کۆنگرەی یەکەمی خۆی بەست و بەکۆنگرەی چواری دانا،لەژێر دروشمی (سەرخستنی کاروچالاکی جیهادی) لەگوندی برالەی سەربە پێنجوێن ،کۆنگرەی پێنجی لە 6/13 تا1990/6/16 لەژێر دروشمی (وجاهدوا فی الله حق جیهادە)بەست .بۆ زیاتر لەسەر دروستبون و کۆنگرەکانی بزوتنەوە بڕوانە : ئیدریس سیوەیلی ، ڕەوتی ئیسلامی لەباشووری کوردستان 1946-1991، چ2، ب.ش، 2009، ل ل171-173؛موسڵیح ئیروانی ،ئیسلام وناسیۆنالیزم لەکوردستاندا، سەرەتایەك لەبارەی کۆمەڵناسی ئاینیەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر،2003،ل75؛ خەلات موسا یوسف ،پارت و ڕەوتین ئیسلاما سیاسی لە هەرێما کوردستانێ-عێراق، چاپخانەی زانکۆی دهۆك ، دهۆك،2012،ل139.

11. .عوسمان عەلی: لەساڵی 1955 لە شاری کەرکووك لەدایکبووە، دکتۆرای لە دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وئیسلامیی لە زانکۆی تۆرنتۆی کەنەدا تەواوکردووە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی پەیوەندیی قوتابیانی موسوڵمانی کورد لە دەرەوە و یەکەمین سەرنووسەری گۆڤاری ئاڵای ئیسلام بووە لە کەنەدا، ئێستا لەشاری هەولێر نیشتەجێیە.

12. ئەنفال ئەو پرۆسەیە بوو، کە حکوومەتی عێراقی لەدژی خەڵکی باشووری کوردستان لە مانگی شوباتی 1988وە تاوەکوو ئەیلوولی 1988 بە هەشت قۆناغ ئەنجامی دا و بەمەش ژمارەیەکی زۆری خەڵکی مەدەنی لە ژن وپیرو منداڵ تێیدا لەناوبران. ( بۆ زیاتر بڕوانە: زۆزان ناسر مستەفا، ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالێ ل کوردستانێ دەرئەنجام و کاردانەڤە (23شوبات -6ی ئەیلول1988)، ماستەر، کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆك، 2012.

13. لەسەر بارودۆخی ڕێکخستنەکانی هەردوو باڵەکەی ئیخوان بڕوانە: (ئیدریس سیوەیلی، سدیق عەبدولعەزیز 1939-2019)، سلێمانی، 2023، ل65ودواتر.

14. سەرەتای یەکەمین شەڕو پێکدادانی ڕاستەوخۆی نێوان بزووتنەوەو یەکێتی دەگەڕێتەوە بۆ مانگی تەموزی 1993 لەکەلار ، دواتر ئەوەبوو سەرکردایەتی هەردوولا لەڕۆژی 1993/10/18 بۆ تەشەنە نەسەندنی زیاتر، ڕێککەوتنێك واژۆ دەکەن، لەلایەن بزووتنەوەوە (مەلا کرێکار)و (عبدالرحمان نەورەسی) و لەلایەن یەکێتیەوە (ڕەسوڵ مامەند)و(فەرەیدون عەبدولقادر)بوون. بەڵام هەروەك لەڕووداوەکانی تردا دەبینین ئەم ڕێککەوتنەش نەبوە مایەی ئاسایی کردنەوەی تەواوەتی پەیوەندیەکان لەوساڵەدا، هەر بۆیە لە کانونی یەکەمی ئەو ساڵەدا شەڕێکی تر دروستبوو، سەرەتای شەڕو پێکدادانەکەش وەك لە ڕاپۆرتی مەکتەبی ڕاگەیاندنی بزووتنەوەی ئیسلامیدا هاتووە، دەگەڕێتەوە بۆ دەمەقاڵێی نێوان دوو چەکداری یەکێتی و بزووتنەوە لە (1993/12/15) لەبەردەم بارەگای بزووتنەوەی ئیسلامی لە شاری کفری، تاکو ساڵی 1997 شەڕی نێوانیان بەردەوام بوو. (بۆ زیاتر بڕوانە: ژیلوان عبدالله احمد، پەیوەندییەکانی نێوان یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان/عێراق، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، خولی شەشەم، ژ(1)، 2019.

**لیستی سەرچاوەکان**

1. ئەبوبەکر عەلی، (2008)، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی دیدێکی ئیسلامی هاوچەرخ، بەرگی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

2.ئیروانی، موسڵیح(2003): ئیسلام وناسیۆنالیزم لەکوردستاندا ،سەرەتایەك لەبارەی کۆمەڵناسی ئاینیەوە ،دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس،هەولێر.

3. سیوەیلی، ئیدریس (2009): ڕەوتی ئیسلامی لەباشووری کوردستان 1946-1991، چ2، ب.ش، 2009.

4. .........(2024)، سدیق عەبدولعەزیز (1939-2019)، سلێمانی.

3.یوسف، خەڵات موسا (2012): پارت و ڕەوتێن ئیسلاما سیاسی لە هەرێما کوردستانێ-عێراق، چاپخانەی زانکۆی دهۆك ،دهۆك.

5. حاتەم: هەژار، (2005):ڕۆژنامەنووسـیی ئیسـلامیی لە کوردسـتانی عێراق 1982_1991، لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ، سلێمانی.

گۆڤار:

1.الاكراد في التأريخ الاسلامي، (1986)، ئاڵای ئیسلام، العدد(1).

2.الدولة الكردية هي مصير نضالنا،(1987)، ئاڵای ئیسلام، العدد(4).

3.ازاد گرمیانی، (1987)،الشيخ محمود الحفيد و الادارة الانكليزية في العراق، ئاڵای ئیسلام، العدد(5).

4.حياة صلاح الدين، ماذا قدم للاكراد، (1987)، ئاڵای ئیسلام، العدد(5).

5.حياة صلاح الدين الايوبى: مدرسة في النضال، (1987)، ئاڵای ئیسلام، العدد(1).

6.ازاد گرمیانی، (1987)، صفحات من التأريخ دولة مير محمد السوراني نشأتها وعوامل سقوطها، ئاڵای ئیسلام، العدد (2).

7.كردستان والفتح الاسلامي، (1988)، ئاڵای ئیسلام، العدد(3).

8.عبدالله عسكر، (1990)، مؤتمر لوزان حول الشعب الكردي، ئاڵای ئیسلام، العدد(4).

9.الانتفاضة في كردستان العراق،(1991)، ئاڵای ئیسلام، العدد (5).

10.ازاد گرمیانی، (1991)، مفاوضات الجبهة الكردستانية مع الحكومة ولماذا والى اين؟، ئاڵای ئیسلام، العدد(5).

11.شيركو هاوارى، (1991)، كردستان سوريا عز الماضي و ذل الحاضر، ئاڵای ئیسلام، العدد(5).

12.الشيخ عمر غريب،(1992)، القضية الكردية بين الافراط والتفريط، ئاڵای ئیسلام، العدد(3).

13.ازاد گرمیانی، (1989)، الشيخ عبدالله النهريى، مجاهيد من كردستان، ئاڵای ئیسلام، العدد (3).

14.ازاد گرمیانی، (1990)، الانتفاضة في كردستان تركيا من ورائها وكيف تدوم؟،ئاڵآی ئیسلام، العدد (1).

15.لماذا ئاڵای ئیسلام، (1992)، ئاڵای ئیسلام، العدد(2).

16. البيان الختامي للمؤتمر الوطني العراقي (ڤيينا) 6الى 1992/6/19، (1992)، ئاڵای ئیسلام، العدد(3).

17.بلاغ فيدرالى، (1993)، ئاڵای ئیسلام، العدد (1).

18.بيان حول الغزو التركي لكردستان العراق، (1995)، ئاڵای ئیسلام، العدد(1).

19. شوان عبدالمجيد، (1995)، تقرير حول الحقوق الانسان الكرد في تركيا، ئاڵای ئیسلام، العدد(2).

20.ازاد گرمیانی، (1995)، لقاء تأريخى فريد مع الشيخ عبيدالله (قائد انتفاضة 1881م)، ئاڵای ئیسلام، العدد (2).

21.مذكرة المعارضة الاسلامية في العراق،(1991)، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

22. البيان في الحركة الاسلامية في كردستان العراق،(1991)، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

23.البيان من كردستان سورية (اللجنة المركزية حزب الاتحاد الشعب الكردي في سورية، (1991)، ئاڵای ئيسلام، العدد(3).

24.كابتن ب.هولت، (1996)، مذكرة حول الشيخ محمود، ترجمة: ازاد كرميانى، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

25.ازاد كرميانى،(1996)، مصطفى باشا ياملكي في لقاء تأريخي مع سمكو، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

26.هوريس رمبولد، (19962)، مذكرة حول السيد عبدالقادر، ترجمة: ابورنج، ئاڵای ئيسلام، العدد(3).

27.كاوه عبدالله، (1992)، التيار الاسلامي الكردستاني والتحديات المعاصرة، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

28. محمد نور الدين، (1992)، صراع الاحزاب التركية على حل المسألة الكردية، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

29.عبدالقادر البريفكاني، (1992)، الحقوق المشروعة للشعب الكردي في الاسلام، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

30.فاضل رسول، (1992)، الاسلام والقومية افكار حول تجربة الشعب الكردي، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

31.عمر غريب، (1992)، الحل الاسلامي للقضية الكردية، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

32.محمد هماوندى، (1992)، الاسلاميون ومأساة كردستان، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

33.ابو سيد قطب، (1992)، هل يكرر الاسلاميون في العراق أخطاء الشيوعيون تجاه كردستان؟ ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

34.ازاد كرميانى، (1992)، انتقاضة كردستان العراق: بعدها التأريخى وافاقها المستقبلية، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

35.حمدي عبدالمجيد، (1992)، المشكلة الكردية ومتى يفهمها، اخواتنا في الله في جميع الشعوب وخاصة العرب، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

36.ميلاد الرابطة الاسلامية لطلبة شباب كردستان، (1992)، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

37.كاوه عبدالله، (1992)، اتخابات كردستان العراق، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

38.شاهو هورامى، (1993)، اسباب الصراع بين الجبهة الكردستانية وحزب العمال الكردستاني(واثره على المقاومة الكردية في تركيا)، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

39.ازاد كرميانى، (1993)، الفيدرالية من رؤية اسلامية بعيدة عن وطنية سايكس بيكو، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

40.عثمان علي (الدكتور)، (1993)، حزب العمال الكردستاني ومستقبل المسألة الكردية في تركيا، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

41.عثمان علي(الدكتور)، (1993)، اسماعيل اغا سمكو ثعلب السياسة الكردية ورائدها في البراغماتية، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

42.ازاد كرمياني، (1993)، حزب العمال الكردستاني بين المجابهة العسكرية والتحرك السياسي، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

43.عثمان علي(الدكتور)، حكومة بدرخان الكردية والصراع الكوردي_الاثوري 1843_1847، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

44. عبدالرحمن برزنجي، (1993)، الاكراد ودورهم الاسلامي في التأريخ، ئاڵای ئيسلام، العدد(3).

45.عثمان علي(الدكتور)، السلطان عبدالحميد والكرد الالوية الحميدية الكردية 1881_1909، ئاڵای ئيسلام، العدد(3).

46.احداث كردستان، في لقاء علي بابير، (1994)، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

47.بيان انصار الحركة الاسلامية في كردستان العراق، (1994)، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

48.فتحي محمد علي، الكرد في دراسات المستشرقين، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

49.كاوه عبدالله (الدكتور)،(1994)، الخلاف الكوردي_ الكوردي والبديل الاسلامي، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

50.عمر غريب، (1994)، الماركسية المنهارة والقضية الكردية، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

51.سلام، (1994)، كرونولوجيا القضية الكردية والاتحاد السوفيتي 1917_1991، ترجمه عن الانكليزية: ريبوار حريري، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

52.عثمان على (الدكتور)، (1995)، القومية والفكر القومي الكردي، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

53.ناصح امين، (1995)، القضية الكردية في تركيا الاحداث والنتيجة، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

54.الاخبار كردستان العراق، (1995)، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

55.عثمان علي (الدكتور)، (1995)، الاسس الفكرية للحركة القومية الكردية، ئاڵای ئيسلام، العدد(2_3).

56.ازاد كرمياني، (1996)، الانتخابات التركية ودور الكرد فيها، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

57.طه جابر العلواني، الشيخ امجد الزهاوي، ئاڵای ئيسلام، العدد(1).

58.شاهو هورامي، (1996)، ملاحظات حول الفكر القومي الكردي 1943_1980، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

59. علاءالدين خروفة، القومية في ميزان الاسلام، ئاڵای ئيسلام، العدد(2).

60.بيوار هريرى، تحليل للاحداث الاخيرة التي شهدتها كردستان العراق من 31اب الى 15 ايلول 1996، ئاڵای ئيسلام، العدد(3_4).

61.محمد كرد باقر،(1996) حزب الرفاه ومستقبل الكرد في تركيا، ئاڵای ئیسلام، العدد(3_4).

62. عثمان علي (الدكتور)، (1996)، الكرد في الصراع الروسي_العثماني، ئاڵای ئیسلام، العدد(3_4).

63.خاله كاوه، (1996)، الرابطة والصحوة الاسلامية في كردستان العراق، ئاڵای ئیسلام، العدد(3_4).

64.تقرير حول المؤتمر الثالث الرابطة الاسلامية لطلبة وشباب كردستان، ئاڵای ئیسلام، العدد(3_4).

65. الحكم ال ذاتي، ساعد على التجزئة،(مقابلة)، (1989)، ئاڵای ئیسلام، العدد(5_6).

66.القضية الكردية في مؤتمر حزب الدعوة الاسلامية، (1990)، ئاڵای ئیسلام، العدد(1).

67.مقابلة مع الشيخ على بن عبدالعزيز، (1990)، ئاڵای ئیسلام، العدد(1).

68.الشيخ عثمان بن عبدالعزيز(1991): عدم جواز انضمام المسلم الى الحركات القومية او الشيوعية، ، ئاڵای ئیسلام، العدد(2).

68.لقاء مع الاستاذ جلال الطالباني، (1997)، ئاڵای ئیسلام، العدد(1).

69. عثمان علي( الدكتور)،(1997)، الكرد في الصراع الروسي_ العثماني، ئاڵای ئیسلام، العدد(1).

70.محمد يوسف، شهران ساخنان في كردستان العراق،(1997)، ئاڵای ئیسلام، العدد(2).

71.قارمان سليم، (1997)، اشتباكات الاتحاد الوطني والحركة الاسلامية، ئاڵای ئیسلام، العدد(2).

73.عثمان علي(الدكتور)، (1997)، حركة الشيخ سعيد (ثورة شريعة ام دولة كردية)، ئاڵای ئیسلام، العدد(3_4).

گۆڤار بە زمانی کوردی:

1. عومەر عەلی، (2009)، شوناسی نەتەوەیی و سێبەری بەجیهانی بوون، گۆڤاری هەژان، ژ(22).

ڕۆژنامە

1. کاوە: خاڵە،(1996): پوختەیەك لە مێژووی پەیوەندی، ڕابوون( ڕۆژنامە)، ژمارە(34)، 5تشرینی یەکەم.

2. میدیا، (ڕۆژنامە)، ژ( 168)، 2004/8/15.

نامەی زانکۆیی

دکتورا:

1.ئەحمەد، ژیلوان عبداللە(2024): ڕۆڵی پارت و ڕێکخراوە چەپ و مارکسییەکان لە ڕووداوەکانی باشووری کوردستاندا(1991-2003)، نامەیەکی دکتۆرایە، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

ماستەر:

1.فيان: اياد عجاج،(2012):العلاقات بين حزب العمال الكوردستانيى والاحزاب الكوردية في العراق 1984_1999، كلية الاداب، جامعة دهوك.

2.محمود: کوردستان محمد، (2022):کاریگەری کولتووری سیاسی لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و سیاسیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان (توێژینەوەیەکی چۆنایەتی)، نامەیەکی ماستەرە (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، سەلاحەددین.

3. مستەفا، زۆزان ناسر،(2012)، ئۆپەراسیۆنێن ئەنفالێ ل کوردستانێ دەرئەنجام و کاردانەڤە (23شوبات -6ی ئەیلول1988)، ماستەر، کۆلێژی ئادابی زانکۆی دهۆك.

Abstract

Identity and History of the Kurdish People and its Reflection in the Alai Islam Magazine (1986_1998)

Allai Islam magazine was published between 1986 and 1998 as a cultural and political magazine by a group of Kurdish youth who called themselves (the Kurdish Muslim Students Organization Abroad) in Canada Although the organization had an Islamic Thought background, which was reflected in the magazine, it contained various articles on political history, especially about the Kurdish people's national liberation movement, which is worth of researching it, also the various historical articles of the magazine includes many research on different stages of the Kurdish people's history and the preservation of Kurdish identity.

The research consists of an introduction, four topics, and conclusions,

The first topic is a brief history of the magazine, how and where it was published, and the people who supervised it. The second topic is the identity and history of the Kurdish people in the magazine of Allai Islam. In this article, we have mentioned the magazine's perspective on the Kurdish people's national identity. The third topic is the importance of writing the history of the Kurdish people's liberation movement in the magazine of Allai Islam. Fourth, we have referred to the situation in Kurdistan and its reflection in the magazine of Allai Islam. At the end of the research, we have referred to the sources and the results of the research we have obtained.

**Keywords**: (Identity, Nationality, History, Allai Islam, kurdish).

sjh@univsul.edu.iq

**هوية و تاريخ الشعب الكردي وانعكاسها في مجلة "ئاڵای ئيسلام" (1986-1998)**

**بحث تاريخي**

**ملخص**

صدرت مجلة "ئاڵای ئيسلام" بين عامي 1986 و1998 كمجلة ثقافية وسياسية من قبل مجموعة من الشباب الكرد الذين أطلقوا على أنفسهم اسم (منظمة الطلاب المسلمين الكرد في الخارج) في كندا. ورغم أن المنظمة كانت ذات خلفية فكرية إسلامية، وهو ما انعكس في المجلة، إلا أنها احتوت على مقالات متنوعة في التاريخ السياسي، وخاصة حول حركة التحرر الوطني للشعب الكردي، وهو أمر جدير بالبحث. كما تضمنت المقالات التاريخية المتنوعة للمجلة أبحاثًا عديدة حول مراحل مختلفة من تاريخ الشعب الكردي والحفاظ على الهوية الكردية.

يتكون البحث من مقدمة وأربعة مباحث وخاتمة.

المبحث الأول هو نبذة تاريخية عن المجلة، وكيفية إصدارها، والمشرفين عليها. أما المبحث الثاني فهو هوية وتاريخ الشعب الكردي في مجلة "ئاڵای ئيسلام". تناولنا في هذا المقال رؤية المجلة للهوية القومية للشعب الكردي. أما المبحث الثالث، فهو أهمية كتابة تاريخ حركة تحرر الشعب الكردي في مجلة ئاڵای ئيسلام. أما المبحث الرابع، فقد تناولنا فيه الوضع في كردستان وانعكاساته في مجلة ئاڵای ئيسلام. وفي نهاية البحث، أشرنا إلى المصادر ونتائج البحث التي توصلنا إليها.

**الكلمات المفتاحية**: (الهوية، القومية، التاريخ، ئاڵای ئيسلام، كورد).

sjh@univsul.edu.iq